ئەحکامەکانی خواردن وخواردەمەنی لە ئیسلامدا

[كردي – کوردی – kurdish]

سومەیە عبد الله

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٢ - ٢٠١١

IslamHouse.com

﴿ أحكام الأطعمة في الإسلام ﴾

« باللغة الكردية »

سمية عبد الله

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

ئەحكامەكانى خواردن وخواردەمەنى لە ئیسلامدا

سوپاس وستایش بۆ پەروەردگارى باڵادەست وبەڕەحم ومیهرەبان و درود وسەڵات و سەلام بۆ سەرگیانى پێشەواى مرۆڤایەتى محمد المصطفى وهاوڕێى وهاوەڵ وشوێنكەوتوانى هەتا هەتایە .

یەكەم : پێناسەكەى

(أطعمة) هەموو ئەو شتانەیە ئادەمیزاد دەیان خوات و پێیان دەژى .

وە خواردەمەنى لە بنەڕەتدا حەڵاڵە جگە لەوەى خواو پێغەمبەرەكەى (صلى الله علیه وسلم) حەرامیان كردبێ، خواى گەروە دەفەرموێ: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ كُلُوا مِمَّا فِي الْأَرْضِ حَلَالًا طَيِّبًا) {البقرة: ١٦٨} واتە: ئەى خەڵكینە ئەوەى لە زەویدایە بیخۆن كە حەڵاڵ و پاكە وە دەفەرموێ: (يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ (٣١) قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً يَوْمَ الْقِيَامَةِ كَذَلِكَ نُفَصِّلُ الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يَعْلَمُونَ) {الأعراف: ٣١ – ٣٢} واتە: ئەى نەوەى ئادەم لەكاتى هەموو نوێژێكدا پۆشاكى جوان رازاوەتان بپۆشن وە (لەوەى حەڵاڵە بۆتان) بیخۆن و بیخۆنەوە زیادە رەوى مەكەن بێگومان خوا زیادە رەوانى خۆش ناوێ (ئەى موحەمەد) بڵێ كێ جوانى و رازاوەییەكانى حەرام كردووە كە خوا بۆ بەندەكانى دروست كردووە، هەروەها رۆزى و خۆراكە پاك وحەڵاڵەكان كێ حەرامى كردون.

دووەم: جگە لە خوا و پێغەمبەر (صلى الله علیه وسلم) كەس حەڵاڵ و حەرام كردنى بەدەست نیە:

ئەو خواردەمەنیانە حەرامن كە خواو پێغەمبەرەكەى حەرامیان كردوە هەر كەس شتێكى تر بڵێ جگە لەوە ئەوە درۆ بەدەم خواو پێغەمبەرەوە (صلى الله علیه وسلم)

دەكات قورئان دەفەرموێ: (قُلْ أَرَأَيْتُمْ مَا أَنْزَلَ اللَّهُ لَكُمْ مِنْ رِزْقٍ فَجَعَلْتُمْ مِنْهُ حَرَامًا وَحَلَالًا قُلْ آللَّهُ أَذِنَ لَكُمْ أَمْ عَلَى اللَّهِ تَفْتَرُونَ (٥٩) وَمَا ظَنُّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّ اللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لَا يَشْكُرُونَ) {يونس: ٥٩ - ٦٠} واتە: ئەی موحەممەد بڵێ پێم بڵێن ئەو رزق و رۆزییەی خوای بۆی ناردونەتە خوارەوە بەشێكیتان كردوە بە حەرام و بەشێكی بە حەڵاڵ بڵێ ئایا خوا مۆڵەتی ئەوەی پێ داون یان بەناوی خواوەو درۆدەكەن ئەوانەی درۆ بەدەم خواوەوە هەڵدەبەستن بە گومانیان دەبێ رۆژی دوایی چۆن بێت؟

هەروەها خوای گەورە دەفەرمووێ: (وَلَا تَقُولُوا لِمَا تَصِفُ أَلْسِنَتُكُمُ الْكَذِبَ هَذَا حَلَالٌ وَهَذَا حَرَامٌ لِتَفْتَرُوا عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ إِنَّ الَّذِينَ يَفْتَرُونَ عَلَى اللَّهِ الْكَذِبَ لَا يُفْلِحُونَ (١١٦) مَتَاعٌ قَلِيلٌ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ) {النحل: ١١٦ - ١١٧} واتە: بەدرۆ زمانتان مەچەرخێنن بڵێن ئەمە حەڵاڵە و ئەوە حەرامە بۆ ئەوەی بەدەم خواوە درۆ هەڵبەستن بێگومان ئەوانەی درۆ بەدەم خواوە هەڵدەبەستن رزگار نابن (لە دنیا) رابواردنێكی كەم (یان دەبێ) وە (لەدوارۆژدا) سزای سەختیان بۆ هەیە.

سێ یەم: یاسایەكی شەرعی بۆ حەڵاڵ و حەرامی خواردەمەنی:

ئەو یاسا شەرعی یە كە حەڵاڵ و حەرامی خواردەمەنی پێ بزانرێت لەم ئایەتەوە سەرچاوە دەگرێت: (قُلْ لَا أَجِدُ فِي مَا أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَى طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ إِلَّا أَنْ يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنْزِيرٍ فَإِنَّهُ رِجْسٌ أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَإِنَّ رَبَّكَ غَفُورٌ رَحِيمٌ) {الأنعام: ١٤٥} واتە: بڵێ لەناو ئەوانەدا لە بەنیگا بۆم هاتووە شتێك شك نابەم خواردنی لەكەسێك حەرام كرابێ جگە لە مرداڕۆبوو یان خوێنی رژێنڕاو یان گۆشتی بەراز (كەپیسە) یان ئاژەڵێك كە بەناوی غەیری خواوە سەربراوە هەر كەسیش بەناچاری لەو نارەوایانە بخواو لە ئەندازەی تێربوونی زیاتر نەخوا بێگومان خوا لێبوردەیی بە بەزەییە.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێ: (وَيُحِلُّ لَهُمُ الطَّيِّبَاتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ) {الأعراف: ١٥٧} واتە: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ئەوەی پاكە بۆیان حەڵاڵ دەكات و ئەوەی پیسە لێیان حەرام دەكات.

چوارەم: ئەو خواردەمەنیانەی حەرامن:

خوای گەورە دەفەرموێ: (وَمَا لَكُمْ أَلَّا تَأْكُلُوا مِمَّا ذُكِرَ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَقَدْ فَصَّلَ لَكُمْ مَا حَرَّمَ عَلَيْكُمْ إِلَّا مَا اضْطُرِرْتُمْ إِلَيْهِ) {الأنعام: ١١٩} واتە: بۆچی ئێوە خۆتان لە خواردنی گۆشتی ئەو ئاژەڵانە دەپارێزن كە ناوی خوایان لەسەر هێنراوە؟ كە هەر خوداش بە روونی باسی ئەوانەی بۆ كردوون لێتان حەرام كراوە (مەگەر ناچاربن).

وه دهفەرموێ: (حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلَّا مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ وَأَنْ تَسْتَقْسِمُوا بِالْأَزْلَامِ ذَلِكُمْ فِسْقٌ الْيَوْمَ يَئِسَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ دِينِكُمْ فَلَا تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الْإِسْلَامَ دِينًا فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِإِثْمٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ) {المائدة: ٣} واتە: لەسەرتان حەرام کراوە مردارۆبوو خوێن و گۆشتی بەراز وهەر ئاژەڵێ لەکاتی سەربریندار ناوی غەیری خوای لێ هێنرابێ و خنکاو بەلێدان مرێندراو هەڵدێراو شۆق لێدراو (بەو شۆقەی مردبێ) و ئەوەی درندە لێی خواردبێ جگە لەوەی سەرتان بری بێ (پێش مردنی) وه ئەو ئاژەڵەی لەسەر بەرد سەربرابێ .. جا هەرکەس ناچاربوو لەبرسا بێ ئەوەی مەبەستی گوناح بێ (لەو نارەواپانەی بخوا) ئەوە بێگومان خوا لێخۆشبووی بەبەزەییە.

وه خوا دهفەرموێ: (وَلَا تَأْكُلُوا مِمَّا لَمْ يُذْكَرِ اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ وَإِنَّهُ لَفِسْقٌ) {الأنعام: ١٢١} واتە: ئەوەی ناوی خوای لەسەر نەهێنراوە (لەکاتی سەربریندا) مەیخۆن چونکە بێگومان ئەوە تاوان و لەسنووردەرچوونە.

وه دهفەرموێ: (قُلْ لَا أَجِدُ فِي مَا أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَى طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ إِلَّا أَنْ يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنْزِيرٍ فَإِنَّهُ رِجْسٌ أَوْ فِسْقًا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ) {الأنعام: ١٤٥} واتە: لە برگەی ٣ دا تەفسیرمان کرد.

وه خوای گەورە دەفەرموێ: (وَحُرِّمَ عَلَيْكُمْ صَيْدُ الْبَرِّ مَا دُمْتُمْ حُرُمًا) {المائدة: ٩٦ } واتە: لە کاتێکدا لە ئیحرامدان راوی نێچیری ووشکانیتان لێ حەرام کراوە.

وه دهفەرموێ: (وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ الْخَبَائِثَ) {الأعراف: ١٥٧} واتە: ئەو شتانەیان یان لێ حەرام کراوە کە پیسن . هەموو ئەمانەی لەم ئایەتانەدا باسکران حەرامن.

ئەگەر ئاژەڵێکی زیندوو هەرچی لێ بدرێت بە مردارۆبوو دادەنرێت.

(عَنْ أَبِى وَاقِدٍ اللَّيْثِىِّ قَالَ: قال رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم): «مَا قُطِعَ مِنَ الْبَهِيمَةِ وَهِىَ حَيَّةٌ فَهِىَ مَيْتَةٌ».{ رواه ابو داود (٢٨٤١) و ابن ماجه (٣٢١٦) وهو حدیث صحيح } واتە: ئەبو واقیدی لەیسی (رەزای خوای لێبێ) دەڵێ پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی: (ئەوەی لە ئاژەڵێکی زیندووی دەبردێت ئەوەش مردارۆبووە) واتە وەك مرداۆبوو دادەنرێت.

ـ ئەو مردوو و خوێنەی حەرام نییە:

(عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ: «أُحِلَّتْ لَنَا مَيْتَتَانِ وَدَمَانِ فَأَمَّا الْمَيْتَتَانِ فَالْحُوتُ وَالْجَرَادُ وَأَمَّا الدَّمَانِ فَالْكَبِدُ وَالطِّحَالُ»). { رواه احمد ٩٧/٢ و ابن ماجه (٣٢١٨) وهو حديث صحيح } واتە: عەبدوڵڵای کوری عومەر (رەزای خوایان لێبێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرمووی دوو مردوو و دوو خوێنمان بۆ حەڵاڵە: دوو مردووەکە ماسی و کوللەن و دو خوێنەکەش جگەر و سپڵە.

پێنجەم : گۆشتی گوێدرێژی ماڵی حەرامە:

(عَبْدَ اللَّهِ بْنَ أَبِى أَوْفَى يَقُولُ أَصَابَتْنَا مَجَاعَةٌ لَيَالِىَ خَيْبَرَ فَلَمَّا كَانَ يَوْمُ خَيْبَرَ وَقَعْنَا فِى الْحُمُرِ الأَهْلِيَّةِ فَانْتَحَرْنَاهَا فَلَمَّا غَلَتْ بِهَا الْقُدُورُ نَادَى مُنَادِى رَسُولِ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) أَنِ اكْفَئُوا الْقُدُورَ وَلاَ تَأْكُلُوا مِنْ لُحُومِ الْحُمُرِ شَيْئًا). { رواه البخاري (٥٥٢٨) و مسلم (١٩٣٧)} واتە: عەبدوڵڵای کوری ئەبو ئەوفا (رەزای خوای لێبێ) دەڵێ: لەشەوانی غەزای خەیبەردا تووشی برسیەتی بووین جا کە رۆژبوویەوە لە خەیبەر کەوتینە کوێدرێژە ماڵییەکان سەرمان برین ئەنجا کاتێ گۆشتەکەیان لە مەنجەڵەکاندا کوڵی دەدا جاردەرێکی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) جاری داکە مەنجەڵەکان لاركەنەوە ئەوە تێیدایە بیرژن و لە گۆشتی ئەو گوێدرێژە ماڵیانە هیچ مەخۆن.

(عن أَبي ثَعْلَبَةَ رضي الله عنه قَالَ: حَرَّمَ رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) لُحُومَ الْحُمُرِ الأَهْلِيَّةِ). { رواه البخاري (٥٥٢٧) و مسلم (١٩٣٦)} واتە: ئەبو سەعلەبە (رەزای خوای لێبێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) گۆشتی گوێدرێژی ماڵی حەرام کرد.

شەشەم: هەموو درندەیەکی کەڵبەدار:

(عَنْ أَبِى هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِىِّ (صلى الله عليه وسلم) قَالَ: «كُلُّ ذِى نَابٍ مِنَ السِّبَاعِ فَأَكْلُهُ حَرَامٌ»).٤ واتە: ئەبو هورەیرە (رەزای خوای لێبێ) لە پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) گێراویەتیەوە کە فەرمووی: هەموو درندەیەك کەڵبەدار بێ خواردنی حەرامە سەگ لەو درندانەیە گۆشتی ناخورێ، چونکە لاکە تۆپیوو دەخوات و فرۆشتنی قەدەغە کراوە.

حەوتەم: هەموو باڵندەیەی چرنوك دار:

(عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ قَالَ نَهَى رَسُولُ اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) عَنْ كُلِّ ذِى نَابٍ مِنَ السِّبَاعِ وَعَنْ كُلِّ ذِى مِخْلَبٍ مِنَ الطَّيْرِ). { رواه مسلم (١٩٣٤/١٦)} واتە: عەبدوڵڵای

کوری عەبباس (ڕەزای خوای لێبێ) دەڵێ پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ڕێگری کرد لە (خواردنی گۆشتی) هەموو درندەیەکی کەڵبەدارو وە لە هەموو باڵندەیەکی چرنوك دار.

هەشتەم: پیسی خۆر (الجلاله)

بە وشترو ڕەشەوڵاغ و مەرو بزن دەوترێت کە پاشەڕۆ و پیسی بخۆن ئەوە دروست نییە شیرو گۆشتیان بخورێت، بەڵام ئەگەر ماوەیەك بەسترایەوە و ئالکی خاوێنی دەرخوارد درا گۆشتەکەی خۆش بووەو و ناوی جەلالەی لەسەر نەما دروستە شیرو گۆشتەکە بخورێت (عن ابن عُمَرَ رضي الله عنهما قال: نهى رسول اللَّهِ (صلى الله عليه وسلم) عن أَكْلِ الْجَلَّالَةِ وَأَلْبَانِهَا). { رواه ابو داود (٣٧٨٥) و الترمذي (١٨٢٤) و ابن ماجه (٣١٨٩) وهو حديث صحيح } واتە: عەبدوڵڵای کوری عومەر (ڕەزای خوای لێبێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ڕێگری کرد لە خواردنی گۆشت و شیری پیسی خۆر).

نۆیەم: ئەو گیاندارانەی فەرمان کراوە بە کوشتنیان:

ئەو گیاندارانەی فەرمان کراوە بە کوشتنیان خواردنیان دروست نیە، (عن عَائِشَةَ رضي الله عنها عن النبي (صلى الله عليه وسلم) قال: خَمْسٌ فَوَاسِقُ يُقْتَلْنَ في الْحَرَمِ الْفَأْرَةُ وَالْعَقْرَبُ وَالْحُدَيَّا وَالْغُرَابُ وَالْكَلْبُ الْعَقُورُ).{ رواه البخاري (٣٣١٤) و مسلم (١١٩٨)} واتە: فەرمووی: پێنج فاسق لەدەرەوەی هەرەمی مەککە و لەناو حەرەمی مەککەدا دەبێ بکوژرێن : مارو دووپشك و مشك قەلەڕەش و کۆلارە و سەگی هار.

لەبەرئەوەی ئەم گیاندارانە زیانیان هەیەو هیچ سوودێکیان نیە ناوی فاسقیان لێ نراوە چونکە لە مرۆڤی فاسق دەچن کە کاری خراپ دەکات.

دەیەم: ئەو گیاندارانەی بەرگریی کراوە لە کوشتنیان:

(عن ابن عَبَّاسٍ قال إِنَّ النبي (صلى الله عليه وسلم) نهى عن قَتْلِ أَرْبَعٍ من الدَّوَابِّ النَّمْلَةُ وَالنَّحْلَةُ وَالْهُدْهُدُ وَالصُّرَدُ). { رواه أبو داود (٥٢٦٧) و ابن ماجه (٣٢٢٤) وهو حديث صحيح } واتە: عەبدوڵڵای کوری عەبباس (ڕەزای خوای لێبێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کوشتنی چوار شتی قەدەغەکردووە: مێرولە و هەنگ پەپوسلێمانە و یۆرەد).

(عن عبد الرحمن بن عُثْمَانَ رضي الله عنه أَنَّ طَبِيبًا سَأَلَ النبي (صلى الله عليه وسلم) عن ضِفْدَعٍ يَجْعَلُهَا في دَوَاءٍ فَنَهَاهُ النبي (صلى الله عليه وسلم) عن قَتْلِهَا) واتە: عەبدوڕەحمانی کوری (ڕەزای خوای لێبێ) دەڵێ: پزیشکێك پرسیاری لە

پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) کرد لەبارەی بۆقەوە دەیکاتە دەرمان پێغەمبەریش (صلى الله عليه وسلم) رێگری کرد لە کوشتنی.

یانزەیەم: ئەو گیاندارانەی فرۆشتنی قەدەغەکراوە:

(عن جَابِرِ بن عبد اللَّهِ رضي الله عنهما (أنَّ النبي (صلى الله عليه وسلم) نهى عن ثَمَنِ الْكَلْبِ وَالسِّنَّوْرِ) { رواه احمد (٣٧٠/٣) و أبو داود (٣٤٨٨) وهو حديث صحيح { واتە: جابیر (رەزای خوای لێبێ) دەڵێ: پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) نرخی سەگ و پشیلەی قەدەغەکرد، واتە فرۆشتن و کرین ومامەڵەکردن پێوەی .

هەر گیاندارێك نرخەکەی قەدەغەکرا بێ خواردنیش حەرامە

(عن بن عَبَّاسٍ رضي الله عنهما قال قال رَسُولَ اللَّهِ: (صلى الله عليه وسلم)): لَعَنَ الله الْيَهُودَ ثَلَاثًا إِنَّ اللَّهَ حَرَّمَ عليهم الشُّحُومَ فَبَاعُوهَا وَأَكَلُوا أَثْمَانَهَا وَإِنَّ اللَّهَ إذا حَرَّمَ على قَوْمٍ أَكْلَ شَيْءٍ حَرَّمَ عليهم ثَمَنَهُ) { رواه مسلم (١٥٦٩) و أبو داود (٣٤٧٩) و الترمذي (١٢٧٩)} واتە: وەك عەبدوڵلای کوری عەبباس لە پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) گێراویەتیەوە کە فەرموویەتی (خوا نەفرینی لە جوولەکە کرد سێ جار، کە چەوریان لێ حەرام کرا کەچی فرۆشتنیان و نرخەکەیان خوارد، بێگومان ئەگەر خوای گەورە خواردنی شتێکی لە کەسانێ حەرام کرد ئەوە نرخەکەشی لێ حەرام کردوون.

دوانزەیەم: لەناچاریدا حەرام حەڵاڵ دەبێت:

هەر خواردەمەنیك خواردنی لە کاتی ئاساییدا حەرامە لەکاتی ناچاریدا حەڵاڵە خواردنی بە ئەندازەی پێویست کە لە مردن رزگاری بکات خوای گەورە دەفەرموێ: (فَمَنِ اضْطُرَّ غَيْرَ بَاغٍ وَلَا عَادٍ فَلَا إِثْمَ عَلَيْهِ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ) {البقرە: ١٧٣} واتە: ئینجا هەر کەس ناچار بوو (بە خواردنی حەرامێك) بەبێ ئارەزوو بەشی تێربوون بخوات هیچ گوناهێکی لەسەر نیە بێگومان خوای گەورە لێبوردەی بە بەزەییە ، هەروەها دەفەرموێ: (فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِإِثْمٍ فَإِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَحِيمٌ) {المائدة: ٣ } واتە : جا هەر کەسێ ناچار لە برسا بەبێ نیازی گوناهکردن (شتی حەرام کراو بخوات گوناهبار نیە) چونکە بەراستی خوای گەورە لێبوردەی بەبەزەییە.

لەکۆتاییدا هیوام سەرکەوتنتانە و بەخوای گەورەتان دەسپێرم وخواتان لەگەڵ.